**بەسەركردنەوەی تیپە میللیەكان ... ئەنوەر خەراجیانی**

تیپی چوارباغ ساڵی ١٩٦٧ تیپی وەرزشی چوارباغ لە ساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەكی چوارباغ ی سولەیمانی دامەزراوە لە نزیك یاریگای ئیدارەمەحەلی، لەو سەردەمەدا گەڕەكی چوارباغ دەكەوتە قەراخ شار كە زۆربەی ناوچەكە دەشت بووە لە هەرشوێنێك یاریت بكردایە ئەوتوانی یاری بكەیت بە حوكمی ناوچەكە چونكە زۆر چۆڵەوانی بوو تیپی چوارباغ دەتوانین بڵێین قوتابخانەی تۆپی پێ بووە لەو سەردەمەدا چونكە زۆربەی یاری زانە باشەكانی هەڵبژاردەو یانەی سولەیمانی لەم تیپەدا پێگەیشتوون وەك / ئیبراهیم قاسم / علی لەتیف / عمررەزا / رەشید علی گۆڵچی / خوالێخوش بوو فهمی فقێ رەشید / تایەر لەتیف.... هتد. گرنگی ئەم تیپە ئەوەیە تاوەكو ئێستاكە بەردەوامە لە خزمەتكردنی وەرزش لە شارەكەدا تا وای لێهات بە پشتیوانی كەسانی دڵسۆزكرا بە یانە واتە ئێستاكە وەك یانە بەشداری لە خولەكان دەكات. لە سالەكانی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە زۆربەی كات لە خولی تیپە میللیەكاندا پلەی زۆر باشیان بەدەست هێناوە. لە كۆتایدا داواكارم لە هەموو وەرزشكارێك كە یارمەتیم بدات لە زانیاری و وێنە، گرنگ نییە تیپی میلی بێت یان یانە یان هەڵبژاردە بێت یان تاكە كەسی بێت لە هەر وەرزشێك بێت بەڵام بەس كورد بێت ئەم جارەش داوا لەو برادەرانە دەكەم كەوا وێنەی كۆنیان لایە بۆمانی ڕەوانە بكەن تاوەكو بابەتەكەمانی پێ دەوڵەمەند بكەین لە خزمەتكردنی وەرزش. زۆر سوپاسی برایانی بەڕێز دەكەم مامۆستا علی لەتیف و تایەر لەتیف و محمد علی سەعید (حمە بچكۆل) لە گەڵ چەند برادەرێكی خۆشەویستدا كە زۆر یارمەتیم ئەدەن لە وێنەو زانیاری تیپە میلیەكان و یاری زانەكان هیوا دارم برادەرانی تریش یارمەتیمان بدەن لە شارو شارۆچكەكانی كوردستان بۆ دەرەوەی وولات دەتوانن بەم ناو نیشانە پەیوەندیم لەگەڵدا ببەستن.

0046 40 948904 0046 736238127anwaramin@malmo2. net
ئەنوەر خەراجیانی پەیام نێری كوردستان نێت



لای ڕاست لەسەرەوە. خوالێجۆش بوو فهمی فقێ ڕەشید / تایەر لەتیف / بكر موستەفا / علی لەتیف نوری محمد / عبد علی خوالێخۆش بوو كمال جلال. لای ڕاست لە خوارەوە. محمد موستەفا (حمەی مچە) حمە بچكۆل / فەرەیدون حاجی واحید / دڵشاد حمە ئاغا / عەبدول قادر علی / سڵەی قەساب